

# خەتەنەی کچان وژنان

MAAHANMUUTTOVIRASTO
MIGRATIONSVERKET
FINNISH IMMIGRATION SERVICE

8.6.2015 Kurdi
Tyttöjen ja naisten ympärileikkaus

## خەتەنە چیە؟

مەبەست لە خەتەنەکردن ئەو کردارانەیە بۆ مەبەستی چارەسەرنەکردن ئەنجام دەدرێن، کە پەیوەندیان بە برینی بەشێکی یان تەواوی کۆئەندامی زاوزێە، یان بەشێوە و ڕێگای ترەوە زەرەری پێ دەگەیەندرێت. خەتەنەکردن لەو کۆمەڵگایەدا کە ئەنجام دەدرێت وەك کردارێکی ئاسایی ونۆرماڵ و وەك بەشێك لە بابەتەکانی بوون بە گەورەساڵی کەسەکە چاولێدەکرێت.

خەتەنەکردن بە زۆری لە شوێنی پیس وناخاوێندا بەبێ بەکارهێنانی ئازار ڕەواندنەوە ئەنجام دەدرێت. ئەگەری ئەوە هەیە زەرەروزیانی گیانی هەمیشەیی و ناڕەحەتی جیددی بۆ کەسەکە پێکبهێنێ؛ عادەی مانگانەی ژنی خەتەنەکراو بۆی هەیە بە ئازار بێت وبەدەست هەوکردنی بوریەکانی میز و کۆئەندامی زاوزێیەوە بناڵێنێ، وتەنانەت تووشی زڕبوونیش ببێت کە چیتر منداڵی نەبێ. لە ژیانی سێکسیدا کەسەکە لەوانەیە تووشی گیروگرفت ببێت، کە کاریگەری لەسەر ژیانی هاوسەرێتی دادەنێ. ئەو خانانەی کە شوێنەواری برینەکەیان لەسەرە و شێوەیەکی ڕەق ونەگۆڕیان هەیە دەتوانێ لەکاتی منداڵبووندا کێشە دروست بکەن و مەترسی لەسەر تەندروستی دایکەکە و منداڵە ساواکە دابنێ.

## خەتەنەکردن لە فنلەندا تاوانە

لە فنلەندا خەتەنەی ژنان و کچان ناکرێ وە یاسا قەدەغەی دەکات. خەتەنەکردن وەك لێدانی توند ئەژمار دەکرێت، کە بکەرەکەی لەسەر مەحکوم دەکرێت و سزای زیندانی پێ دەدرێت. بێجگە لە خەتەنەکەرەکە هەموو ئەوانەی تریش کە بەشداریان لەو کردارە کردبێت دەکرێت تاوانبار بکرێن بەو کردارە وە لەسەری سزا دەدرێن.

ئەگەر خەتەنەکردنەکە لە وڵاتی خۆیاندا لە پێش هاتنیانەوە بۆ فنلەندا ئەنجام درابێت، کاربەدەستان نیگەرانی باری ئەو کچانەی تر دەبن کە لە بنەماڵەکەدا هێشتا خەتەنە نەکراون.

دوای وەرگرتنی مۆڵەتی نشینگەیی دەتوانرێت لەکاتی پێویستدا نەشتەرگەری بۆ کردنەوەی بۆ بکرێت، کە بەو کارە کێشەکانی و ناڕەحەتیەکانی کەسەکە کەم دەکرێتەوە وئەگەری منداڵبوونی بۆ ئاسان دەکاتەوە. ئەگەر نەشتەرگەری کردنەوە لە کاتی منداڵبووندا بکرێت، ئەوا دایکەکە برینەکەی بۆ نادروێتەوە، چونکە دووبارە داخستنەوەیشی بە کردارێکی تاوانی لێدان ئەژمار دەکرێت. دەتوانن لە نەخۆشخانە داوای بەڵگەی نووسراو بکەیت، سەبارەت بەوەی کە کردنەوەی برینەکەت لە نەخۆشخانەدا بۆ کراوە.

## ئەی ئەگەر خەتەنەکە دواتر ئەنجام بدرێت؟

ئەگەر منداڵێك کە لە فنلەندا دەژی مەترسی لێبکرێت کە کەسو کاری نیازی خەتەنە کردنیان هەیە  یان بۆ نموونە لەکاتی سەفەریان بۆ بەسەربردنی پشوو لە وڵاتەکەیان خەتەنەیان کردوە، ئەوا کاربەدەستان ئەرکیانە هەواڵەکەی بۆ پارێزگاری لە مافی منداڵ بنێرن وە پۆلیس دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوەی کە ئایا تاوان بەرامبەر منداڵەکە ئەنجام دراوە یان نا.

ئەگەر مۆڵەتی نشینگەیی لەسەر بنەمای هەڕەشەی خەتەنەکردن بە کەسەکە درابێت، بەڵام دواتر خەتەنە بکرێت بۆی هەیە مۆڵەتەکەی لێ بسەندرێتەوە و بۆ وڵاتی خۆی بنێردرێتەوە.

## خەتەنە بۆی هەیە لەسەر کاروباری پەناخوازی کاریگەری هەبێت

ئەگەر خۆت یان منداڵەکەت خەتەنە کراون و کێشەی ناخۆشتان بۆ دروست دەکات، بۆ سستەری کەمپەکەی باس بکە. لەگەڵیدا باسی ئەوەش بکەن کە ئایا پێویست بە ناردنی بەڵگەی پزشکی هەیە کە پێش چاوپێکەوتنەکە بۆ فەرمانگەی کۆچبەری بنێریت.

فەمانگەی کۆچبەری تەنیا بە ڕەزامەندی خۆت دەتوانێ زانیاریەکان لەسەر باری تەندرستیت لە شوێنی ترەوە وەربگرێت. هەڕەشەی خەتەنەکردن لەسەرت یان کێشە جیددیەکانی خەتەنەیەك کە کراویت بۆی هەیە وەك هۆیەك بۆ مۆڵەتی نشینگەیی ئەژمار بکرێت، هەر بۆیە لە چاوپێکەوتنەکە ئەو بابەتە باس بکە.

### خەتەنە

- کردارێکە کە بەمەبەستی چارەسەرکردن ناکرێت
- بۆی هەیە زەرەروزیانی گیانی و کێشە وئازاری جەستەیی جیددی بە کەسەکە بگەیەنێت.
- لە فنلەندا وەك تاوانی لێدان و بابەتی پارێزگاری لە مافی منداڵ ئەژمار دەکرێت.
- بۆی هەیە لەسەر کاروباری پەناخوازیدا کاریگەری دابنێت